# "بەهەشت" و چەمکی فەنتازیا لە دەروونشیکاریدا

## وەلید عومەر

توێژەر لە بەشی توێژینەوەی ناوەندی رۆشنگەریی چاودێر

## چکاوە

ئەم وتارە توێژینەوەئاسایە چەمکی "بەهەشت"ـی دینی وەک هاوتای چەمکی فەنتازیا وەردەگرێت و لەوێشەوە بەراورددەکرێت بە چەمکی فەنتازیا لە دەروونشیکاریدا(لای فرۆید و بەتایبەتی لاکان). دیارە بەهەشت، مەبەست لە بەهەشتە لە ئیسلامدا و بەرمەبنای کۆمەڵێک وێنا و ئایەتی دیار لە تێکستێکی وەک قورئاندا. گۆشەنیگاکە لێرەدا دەرە-دینییە و ئایەتەکان تەنیا وەک فاکتێکی ڕاگوزەر و مەبەستدار وەرگیراون. سەرەنجامیش لە باسەکەدا، هەوڵدراوە بەهەشت لە سیاقە دینییەکەی دەرکرێت و وەک جۆرێک لە فەنتازیای ئایدۆلۆژی-مرۆیی وەرگیرێت. میتۆدەکە زۆر دیاریکراو نیە، بەڵکو پتر دیالەکتیکی-هێرمۆنۆتیکی-بەراوردکارییە و تۆمارکردنی کۆمەڵێک تێبینیی بەراییە لەسەر باسی بەهەشت و فەنتازیا. گەر بەهەشت تێزەکە بێت، فەنتازیا ئەنتیتێزە و هەر لەهەناوی ئەنتیتێزەوە سەنتێز(تێهەڵکێش)یش درووستدەبێت و بەهەشت وەک بەهەشت دەمێنێتەوە بەڵام وەک فەنتازیایەکی زەمینی و سوبێکتیف و ئارەزووساز. ئامانجی باسەکە ئەوەیە بەهەشت بکاتەوە بە فەنتازیایەکی زەمینی و وەک پێداویستییەکی دەروونی ببینێت تا سوبێکتی مسوڵمان بتوانێت پتر و پتر ئارەزووبکات و ئابوریی دەروونیی خۆی ڕاگرێت. فەنتازیاش هەروا بەسادەیی بەمانای خەیاڵی نایەت و پێگەیەکی گرنگتر بە باسەکە دەبەخشێت. بۆیە باسەکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە باسی ئەتاییزمی باوەوە نیە کە دەیانەوێت شتگەلی خەیاڵی و فەنتازی وەک شتانی نادرووست و وەهمی بناسێنن. لە دەروونشیکارییدا وەهم خۆی بەشێکە لە واقیع.

**وشە سەرەکییەکان:** بەهەشت، فەنتازیا، دەروونشیکاری



CHAWDER Enlightenment Center© | Research Department

# بەهەشت؟

بەهەشت، هاوتا و هاولفی زاراوەی دۆزەخ-ە کە سیمبوڵی خۆشی و پاداشتە. بەهەشت وەک بیرۆکەیەک، بەر لە ئیسلامیش هەبووە و جێیەک بووە بۆ پاداشتی چاکەکاران. «١٨٠٠ ساڵ بەر لە مەسیح، دینی زەردەشت باسی ڕۆژی دوایی کردووە و باسی ئاتەشگا(دۆزەخ) و پریدێس(بەهەشت)ـی کردووە»([1]) لە زمانی کوردییدا، بەهەشت و فیردەوس و جەنەتیشی پێدەوترێت. «"بەهەشت"، لەڕووی زمانەوانییەوە ڕیشەی دەچێتەوە سەر ئاڤێستایی کە بە مانای خۆشتر، باشتر، جیهانێکی باشتر دێت(فیردەوس، خولد و نەمری، جەنەت و باغات). بە مانای جێیەکی خۆشئاووهەوا، زۆروزەبەند و ڕازاوە دێت کە چاکەکاران لەپاش مردن بۆ هەتاهەتایە تێیدا دەمێننەوە»([2]). لە زمانی عەرەبییدا، کە میدیۆمی گەیاندنی دینی ئیسلام بووە بە کورد، بۆ بەهەشت زۆر وەسفی بەشەکی و گشتەکی و ناوی جۆراوجۆری هەیە وەک: داراسلام، دارالمتقین، دارالقرار، الغرفة، الخ. لە زمانی ئینگلیزییشدا، عادەتەن وشەگەلی وەک Heaven یان heavensـی بۆ بەکاردەهێنرێت کە لەڕووی شوێن و تۆپۆلۆژییەوە بە شوێنی بەرز و بەرین دەوترێت، بە جێگەیەکی بڵندی ئاسمانی([3]). هاوکات وشە تایبەتە ئیسلامییەکانیشی بۆ بەکاردێت وەک Jannah، کە هەر جەنەت-ـە. بەهەشت لەڕووی پێکهاتە و ناوەڕۆکەوە و بەپێی لۆژیکی دینی، شوێنێکی خۆشە، سزا و عەزابی تیا نیە، ژیانێکی هەرمان و هەتاهەتایی بۆ باوەڕداران تیایە. بەهەشت لە کۆدا پاداشتێکی ئلوهییە بۆ ئەوانەی شایستەی ئەو جێیەن و لە وردەکاری و بەشیشدا لە کۆمەڵێک وێنا و سیفەت پێکهاتووە کە وەک نمونەیەکی پەستێنراو ئاماژە بە کومەڵێکیان دەکەین.

لە قورئاندا هاتووە: «وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ۖ وَمَن يَتَوَلَّ يُعَذِّبْهُ عَذَابًا أَلِيمًا(الفتح :١٧). واتە: ئەوەی فەرمانبەرداری خوا و پێغەمبەرەکەی بکات...، خوای گەورە دەیخاتە باخەکانی بەهەشتەوە کە چەندەها ڕووبار بەژێر درەخت و کۆشکەکانیاندا دەڕوات، ئەو کەسەش کە پشت هەڵکات خوای گەورە سزای بەئێش و ئازاری دەدات»([4]). ئەمە نیوەی ئایەتەکەیە و لەو ئایەتە زۆر بیستراوانەیە کە لە وەسفی بەهەشتدا دەهێنرێتەوە. "باخ و ئاو"، شاوەسفی سەرەتایی بەهەشتن و هێمان بۆ ژیانەوە و پشوو و بەردەوامبوون. بەهەشت هەر ئاو و باخ نیە بەپێی قورئان، بەڵکو زۆر سیفەتی پشوودەرانەی تریشی لەخۆگرتووە. «(وَأَمْدَدْنَاهُمْ بِفَاكِهَةٍ وَلَحْمٍ مِمَّا يَشْتَهُونَ؛ يَتَنَازَعُونَ فِيهَا كَأْسًا لَا لَغْوٌ فِيهَا وَلَا تَأْثِيمٌ) (الطور:٢٢-٢٣) واتە: بەردەوام حەزیان لە هەر میوە و گۆشتێك بێت پێشکەشیاندەکەین؛ بەدڵخۆشییەوە لە کاسی تایبەتیدا شەراب دەنۆشن، جارجار بۆ



[1]. بهشت, ویکی‌پدیا

[2] بهشت در قرآن, ویکی فقه

[3] Heaven,wiki

[4]. خۆشییەکانی بەهەشت

خۆشی لەیەکتری دەسێنن، دوور لە ڕەفتاری ناشیرین و گوناه و تاوانبارکردنی یەکتر»([5]). لێرەدا بەهەشت ئەو جێگەیەشە کە مرۆڤ هەر زوو بە خۆشترین خۆراک و خواردنەوە، پێویستییەکانی پردەکرێنەوە. کەشی بەهەشت، هەر بەم خزمەتکردنانەوە ناوەستێت و بەهەشتیەکان(لە گۆشەنیگایەکی نێرانەوە) دەستیان بە ژنانی گونجاو و پرلەزەت دەگات: (وَعِنْدَهُمْ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ عِينٌ ٤٨ كَأَنَّهُنَّ بَيْضٌ مَكْنُون).(الصافات :٤٨-٤٩ . (واتە: لە تەنیشتیانەوە حۆریی چاوگەش دانیشتوون، جگە لە هاوسەرانیان چاو بۆ کەسی تر هەڵنابڕن؛ هەر دەڵێی هێلکەی کوڵاوی پاککراو و شاراوەن (کەس دەستی لێ نەداون)([6]). وەسفەکانی بەهەشت بۆ هەموان ڕوونن، بەتایبەت بۆ ئەوانەی لەناو کەلتوری ئیسلامییدا ژیاون. بۆنمونە، بەهەشت نەک هەر لەزەتی مرۆیی و نامرۆیی، بەڵکو فریشتەکانیش پێی تێدەخەن و سڵاو بۆ نیشتەجێبووانی ئەوێ دەنێرن. یان، جلکەکانیان لە ئاوریشمە، نە خۆری سوتێنەر دەبینن و نە سەرمای ڕەقکەرەوەش، یاخود ئاوەکانی ناگەنێت و میوەکانیشی هەردەم بەردەستە. ئەمانە وەسفە بەشەکی و کۆنکرێتییەکانی بەهەشتن و لە ئاستی دیکەدا ئەرگۆمێنتی کەلامی و تیۆلۆژی دەرهەق بە بەهەشت هێنراوەتەوە تا وەک شوێنێکی حەرفی و دەقاودەق وەرنەگیرێت. بۆنمونە، «بەهەشت لە دەرەوەی شوێن و کاتەوەیە»([7]). نامانەوێت زۆر دوای ئەم ئەرگۆمێنتە بکەوین، تەنیا لە تەوەری فەنتازیاکەدا بۆ مەبەستی باسەکەمان دێینەوە سەری و جێی دەهێڵین. بەهەشت گەرچی تەفسیری جیاجیای لەلایەن زانایان و تەئویلکارانەوە بۆ کراوە و زۆرجار لە ڕەهەندی شوێنەکی دادەماڵرێت، بەڵام ئەو وەسفانەی بۆ بەهەشت کراون و لای باوەڕداری ئاسایی هەیە هەموو وەسفی شوێنمەندن وەک: «سدرة المنتهي»، «جنة المأوي»، «عرش»، «كرسي»، «معراج» و «الملكوت»([8]). زۆرجار ئەم شوێنانە، پلە و مەقامی جیاجیان، بۆیە «پلەکانی بەهەشت لە قورئاندا لەڕێی ناوی جیاجیای وەک طوبی، فردوس، دارالسلام، جنةالمأوی و ...ـەوە وەسفکراوە. نیعمەتە جەستەیی و ڕۆحییەکانی بەهەشت زۆرن بۆ بەهەشتییەکان، ئەویش وەکو باخەکان و کۆشکەکان و ئەو ڕووبارانەی شیر و هەنگوینیان لێ دەڕژێت، هاوسەری پاک، سوڵح و سەفا، هاوڕێی باش و ...»([9]). بەهەشت،  زۆرجار گرێدراوە بە کۆمەڵێک سیفەتی چەندایەتییەوە. واتە هێندە شتی لێیە و فڵانە جۆر نیعمەتی لێیە و هتد. بەڵام ئەمانەش دەچنە خانەی وەسفە بەشەکییەکانەوە و بەهەشت خۆی لە کۆدا ئایدیایەکی چۆنایەتی و گشتەکییە. بۆیەشە ئیسلام خۆی بەهەشت دەبەستێت بە مەحاڵەوە، ئەوەی وێناناکرێت لەوێ هەیە. لە ئایەتی ٣٥ـی سورەتی "ق"دا هاتووە: لَهُم مَّا يَشَاءُونَ فِيهَا وَلَدَيْنَا مَزِيدٌ. لێرەدا هەم چەندایەتی هەیە و هەم چۆنایەتییش: "هەرچییان بوێت هەیە، هێشتاش هەر زیاترمان لایە". چیت بوێت هەیە لە خەیاڵگەی باوەڕدارێکدا گەیشتنە بە هەموو چۆنایەتییەک، و



[5] هەمان سەرچاوە
[6] هەمان سەرچاوە
[7]. پێشوو, ویکی فقه
[8]. هەمان
[9]. بررسی تصویر بهشت و دوزخ در...

"زیاتریشمان هەیە" بەئاشکرا گوزارشتە لە پر و چەندایەتی. بۆیە هەردوو دیوە وەسفییەکەی بەهەشت، لێرەدا کۆدەبنەوە و پێویستمان بەو هەمووە وردەکارییەی تر نابێت کە زیاد لە ٢٠٠ ئایەتی بۆ تەرخانکراوە.

لەو تێکستە زارەکییانەشدا کە کۆکراوەتەوە و بە فەرموودە(حەدیس) ناسراوە، هەندێ ڕەهەندی وەسفکاریی دیکەی بەهەشت دەبینینەوە. «حۆرییەکان لەگەڵ ئەو هەموو جوانییەی کە هەیانە دەنگیشیان خۆشە و گۆرانی بۆ هاوسەرەکانیان دەڵێن .پێغەمبەری خوا... دەفەرموێت: **إن أزواج أهل الجنة ليغنين أزواجهن بأحسن أصوات ما سمعها أحد قط ، إن مما يغنين : نحن الخيرات حسان ، أزواج قوم كرام ، ينظرن بقرة أعيان ، و إن مما يغنين : نحن الخالدات فلا يمتنه ، نحن الآمنات فلا يخفنه ، نحن المقيمات فلا يظعنه** ] ((صحيح الجامع : 2 / 48. واتە: خێزانی بەهەشتییەکان گۆرانی دەڵێن بۆ هاوسەرەکانیان بە خۆشترین دەنگێك کە هەرگیز نەبیسترابێت، دەڵێن: ئێمە ئافرەتی جوانی باشین، خێزانی قەومێکی بەڕێزین، بە بیلبیلەی چاوان سەیر دەکەن، و لەوەی کە دەیڵێن: ئێمە نەمرین و نامرین، ئێمە سەلامەتین و ناترسین، ئێمە ئێرە جێگامانە و کۆچناکەین. بەڵام گۆرانییەکەیان مۆسیقای لەگەڵدا نیە بەڵکو تەنها تەسبیحکردن و سوپاسکردنی خوایە. پێغەمبەر... فەرموویەتی: **ما من عبد يدخل الجنة إلا و يجلس عند رأسه و عند رجليه ثنتان من الحور العين، يغنيانه بأحسن صوت سمعه الانس و الجن و ليس بمزمار شيطان ولكن بتحميد الله و تسبيحه** ((أخرجه الطبراني في الكبير ( 7478 ) بإسناد حسن»([10]). دیارە فەرموودە زۆرە لەسەر وێنا و ناواخنی بەهەشت، بەڵام ئەمەی سەرەوە کۆکەرەوەی زۆر ڕەهەندی شاراوەی ئەو ناواخنەیە، ئیدی لە چیەتییەوە بیگرە تا دەگاتە چۆنیەتی. بەهەشت، لە هەموو ڕووەوەکانەوە هەوڵێکە بۆ کێشانی وێنەیەکی پر و پڕفێکت تا کەسی باوەڕدار بەرەو ملکەچیی خودا ببزوێنێت. شتێکە هاوشێوەی چێژ بەرامبەر بە ملکەچی. چێژەکان بە پلەی یەک فیزیکی و جەستەیین و ئەوە ئاکامەکانیانە کە مەعنەوییە. بە مانایەکی تر، چێژێکی ڕاستەوخۆ و بێ نێوانگرە و پتر باوەڕداری سادە و ئاسایی دەکاتە بەردەنگی خۆی.

## فەنتازیا لە دەروونشیکارییدا

دەروونشیکاری، لقێکە لە دەروونناسی کە بەجۆرێک لە جۆرەکان دەروونناسییە تەقلیدییەکە هەڵدەوەشێنێتەوە. گەر دەروونناسی گشت(کل) بێت ئەوا دەروونشیکاری بەش(جوزء)ێکی دیاری ئەو گشتەیە. زیگمۆند فرۆید بنیاتنەری دەروونشیکارییە کە زانستێکی مۆدێرنی ماتریالیستییە و گرنگی بە دەروونی تاک و کۆمەڵ دەدات و لەوێشەوە گرێ و نەخۆشییەکانی ناو شارستانیەت هەڵدەداتەوە. کتێبی "لێکدانەوەی

[10]. سیفاتی حۆرییەکانی بەهەشت,...

خەونەکان"، لە کتێبە دیارە بنیاتنەرەکانی دەروونشیکارییە کە ساڵی ١٨٩٩-١٩٠٠ چاپ و بڵاوبووەتەوە. دواتریش ژاک لاکان، لەژێر درووشمی "گەڕانەوە بۆ فرۆید"دا، بایەخی بە دەروونشیکاریی فرۆید دایەوە و هەم ەکۆمەڵێک پرەنسیپی تیۆریی فرۆیدی قبوڵکرد و هەم لە زۆر ڕووشەوە گۆڕانی بەسەر چەمک و زاراوە فرۆیدییەکاندا هێنا و لەبری ئەوەی خۆی بە بایۆلۆژیا و دەروونناسییەوە ببەستێتەوە، گەڕایەوە بۆ زمانناسی و ماتماتیک و دەروونشیکاریی لەڕێگەی زمانناسیی فێردیناند دێ سۆسێرەوە بەرهەمهێنایەوە.

چەمکی فەنتازیا(phantasy)، لە دەروونشیکارییدا هەروا بەسادەیی بە مانای خەیاڵکردن و شتی خەیاڵی نایەت. ئەرکی فەنتازیا بەپێی دەروونشیکاری، ئاڵۆزترە. دەروونشیکاری هەروا بەشێوەیەکی ڕەپوراست دوالیزمی واقیع-خەیاڵ، یان واقیع فەنتازیا درووستناکات. بەڵکو پەیوەندییەکە لەو دوالیزمە ئاڵۆزتر دەکاتەوە(و دواتر دێینە سەری).

لای فرۆید، فەنتازیا پەیوەندیی هەیە بە «نواندنی ئارەزووەکانی ناو نەستەوە»([11]). بە دیاریکراوییش فرۆید لەسەرەتاوە فەنتازیا دەبەستێت بە بیرەوەرییەکانی سەر بە لەخشتەبردنەوە. کەسانێک هەن بەر لەوەی بەواقیعی تووشی فریو و لەخشتەبردنی سێکسی و تەنانەت دەستدرێژی هاتبن، کەچی ئەم وێنەیە لەسەر نەستیان نیشتووە و وەک وەهمێکی فەنتازی لەواندا ڕوویداوە. ڕاستە ڕووداوەکە ڕووینەداوە، بەڵام کاریگەرییەکەی لەسەر کۆئەندامی دەروون واقیعییە. بەم پێیە فەنتازیا دیاردەیەکی تەواو ئاگایانە نیە، بەڵکو ڕیشەی لە نەست و نائاگاییدایە. کۆئەندامی دەروون خۆی پڕێک وێنە بەرهەمدێنێت کە جار هەیە بۆ بەرگرییە و جاریش هەیە ئەم بەرگرییە دەشێوێنێت. مرۆڤیش ڕۆژانە جۆرێک لە خەونی ڕۆژانە دەبینێت و نەستی ئامادەدەکات بۆ بەرگرتنی ڕووداوەکانی ڕۆژ. واتە مرۆڤ دایم نوقمونغرۆی فەنتازیایە و فەنتازیاش ڕەهەندێکی چەشنی قەڵغانی دەروونیی هەیە. فەنتازیا، بەستراوەتەوە بە تێربوونی ئارەزووەکانەوە و لێکجیانابنەوە.

لای ژاک لاکان، ئەم دیدگا فرۆیدییە پارێزراوە بەڵام باسەکە فراوانتر و ئاڵۆزتر دەکاتەوە. لاکانیش وەک فرۆید، فەنتازیا بە جۆرێک لە ڕاگر و پارێزەر دادەنێت. واتە لای هەردووکیان فەنتازیا ناوی ڕووبەرێکی دوور نیە وەک ئەوەی لە دین یان ئەدەبیات یان عەقڵی باودا دەیبینین بەڵکو جۆرێکە لە پارێزەی دەروونی بەرامبەر بە واقیعە تفتوتاڵەکان. واتە فەنتازیا بۆ بەرەنگارییە دژی ڕەقێتیی واقیع. «لاکان، دیمەنی فەنتازیا بەراورددەکات بە وێنەی جێگیری سەر سەر پەردەی سینەما، ڕێک بەو جۆرەی کە ڕەنگە فیلمەکە لە ساتەوەختێکی تایبەتدا بوەستێت تاکو بەر بە نمایشکردنی دیمەنێکی تراوماییی دەگرێت کە بەڕێوەیە. دیمەنە فەنتازییەکەش بەرگرییەکە کە خەسان دادەپۆشێت»([12]).



---

[11] Encyclopedia of Psychoanalysis: From No Subject, Fantasy
[12] ibid

CHAWDER Enlightenment Center© | Research Department

فەنتازیای لای لاکان، نوقسانییەک، تراومایەک، خەسانێک دەشارێتەوە. فەنتازیا وادەکات بەرگەی ئەو دیوە توندوتیژەی واقیع بگرین کە لە هەناوی خۆیدا هەڵیگرتووە. لای لاکان واقیع بەپوختی واقیع نیە، بەڵکو واقیع ناوکێکی تراومایی و شۆکهێنەری لەخۆیدا هەڵگرتووە و مرۆڤ بۆ ئەوەی بەرگەی بگرێت، ئەوا بەشێوەیەکی نەستەکی و زاتی فەنتایایەکی بۆ درووستدەکات. ئەم ناوکەی واقیع پێی دەوترێت ڕیاڵ(The real)، کە ئێمە ڕاستەوخۆ و بەبێ پەیوەندییەکی فەنتازی دەستمان پێی ناگات. واتە بێ ئەوەی دانیشێت و پلانی بۆ دابنێت، فەنتازیایەکی ناڕاستەوخۆ بۆ بەرگرتنی واقیع دادەڕێژێت. فەنتازیا جۆرێک لە درمان و دوورینەوەی دڕاوی و نوقسانییەکانی واقیعە. واتە فەنتازیا، لێدانی خەیاڵ نیە بە شوێنی دوورەوە، بەڵکو ڕێکخستنێکی شاراوەیە کە ئابوریە دەروونییەکەی مرۆڤ بە دونیاوە ڕێکدەخات. یان بە زمانێکی دەروونشیکارانەتر، «فەنتازیا ئەو شتەیە کە وا لە سوبێکت دەکات بتوانێت ئارەزووی خۆی بپارێزێت [و بتوانێت زیاتر ئارەزووبکات]»([13]). ڕەهەندێکی تری فەنتازیاکردن، ئارەزووکردنە، واتە فەنتازیا دۆخێکی شەخسییمان بۆ دەڕەخسێنێت تا پرۆسەی ئارەزووکردن بنوێنین. ئارەزووکردنیش، جۆرێکە لە ڕووبەڕبوونەوەی واقیع، واقیع بە هەموو تراوما و شۆکە دەروونی و کەلێنە بونیادییەکانیەوە. فەنتازیا، بەشێوەیەکی گشتی، کەلێن و درزەکانی ناو ژیانی سوبێکت(مرۆڤ) دەشارێتەوە. مرۆڤ خۆی بەدەست نوقسانییەکی بنەڕەتییەوە دەناڵێنێت لەگەڵ هەموو شتدا، بۆیە فەنتازیا پێشوەختە و بەشێوەیەکی ژێرەوانکێ ئەم کەلێنانە ساڕێژدەکات. لەسەروو هەمووشیەوە فەنتازیا وەڵامی سوبێکتە دەرهەق بە پانتایی کۆمەڵایەتی کە بەپێی زاراوەکانی لاکان دەکاتە ئەویتری گەورە(the big other)، ئەویتری گەورە خۆی کەلێندارە، بۆیە سوبێکت هەمیشە لە پرۆسەی ئارەزووکردن بەردەوامدەبێت و تێرنابێت. فەنتازیا پری چێژوەرگرتنی سوبێکت ڕێکدەخات، ئیدی ئەو چێژە هەم چالاکییەکی شەخسییە و هەم هاوکات کۆمەڵایەتییش.

فەنتازیا، لە دەروونشیکاریی لاکاندا، دیاردەیەکی تەواو شەخسی(سوبێکتیڤ) نیە، وەک چۆن پانتاییەکی تەواو ناشەخسی و دەرەکی(ئۆبێکتیڤ)یش نیە. ژیژەک پێی وایە فەنتازیا خۆی ئۆبێکتیڤ-سوبێکتیڤە(١٤[14])، واتە شەخسیترین شتەکان لە دیدی تۆوە هەر دەرەکی دەردەکەون، بەڵام لەڕاستیدا لکاون بە زاتییترین نیگای تۆوە. فەنتازیا چاویلکەیەکی ناودەرەکییە، لەسەر چاوە شەخسییەکەی تۆیە بۆ ئەوەی کۆی واقیعی دەرەوەت بۆ ڕابگرێت و بتوانیت واقیعێکی پاڵفتەکراو و ڕەمزێنراو بۆخۆت بەرهەمبهێنیت. داهێنانێکی دەروونشیکاری ئەوە بوو کە فەنتازیای نەستەکی کردەوە، واتە کردی بە پێدراوێکی کەمتازۆر ناخودئاگایانە، نەستیش هەموو کات شەخسی نیە، بەڵکو شەخسی-دەرەکییە، یان سوبێکتیڤ-ئۆبێکتیڤە([15]). نەست لای لاکان لە کۆمەڵگاوە دەدرێتەوە بە ئێمە، بەڵام ئێمە سەرەنجام مۆرکێکی شەخسیی لێدەدەین. فەنتازیا



[13] Ibid
[14] The Interpassive Subject …
[15] Ibid

وەک پەڵەیەک لکاوە بە ئێمەوە، کە بە لابردنی پەڵەکە، خۆیشمان و واقیعیش هەرەسدێنێت. بۆیە فەنتازیا پێگەیەکی لەوە هەستیارتری هەیە کە تەواو سوبێکتیڤ یان تەواو ئۆبێکتیڤ بکرێتەوە. فەنتازیا، لە ژمارەیەکی زۆر وێنە و دەرکەوتە و ساتەوەختی جیاجیا پێکدێت، لە وردەمیکانیزم و ژێستی جۆراوجۆر پێکدێت، بەڵام سەرەنجام «"فەنتازیایەکی بنەڕەتی" هەیە کە بریتییە لە نەست»([16]). بە مانایەکی تر، هەر مرۆڤێک هەڵگری فەنتازیایەکی بنەڕەتییە کە نەستە، نەست خۆی دواخاڵی یەکگرتنی ئەو هەموو وێنانەیە کە فەنتازیا بەرهەمیدێنێت. مەبەست لە وێنەش تەنیا دیمەنێکی بینراو نیە، بەڵکو وێنە خۆی ڕەمزییە و لە زمان و پانتایی ڕەمزی ئاڵاوە. مادام نەست خۆی وەکو زمان هەڵکەوتووە، ئیدی ئەو وێنانەشی نەست پێکدێنن خۆیان ڕیشەیەکی زمانی و ڕەمزییان هەیە و وێنە نین بە مانا باوەکەی.

## بەهەشت و "فەنتازیا"ی دەروونشیکاری

سەبارەت بەوەی کێ بۆی هەیە بچێتە ناو ئەم بەهەشتەوە، هەر لەوەدا کورتنابێتەوە کە کەسەکە باوەڕدار بێت، بەڵکو زۆرجار لەناو دین و دەرەوەی دینیشەوە ڕەخنەی ئەوە گیراوە کە بەهەشت بەو وێناکردنە باوەوە لەگەڵ سرووشتی بەشێک لە مرۆڤەکاندا نایەتەوە، کە هەڵبەت ئەم ڕەخنەیە سەر بە دوایین ئاگایی مرۆڤی سێکۆلاری ئەمڕۆیە کە پێی گەیشتووە. بۆنمونە دەوترێت «ئەو بەهەشتەی ئێوە باسی لێ دەکەن و لە ئایەتەکانی قورئاندا باسی لێوە کراوە، بەهەشتێک نیە ژنێکی باوەڕدار جێیەکی بۆ خۆی تیا ببینێتەوە. نەک هەر ژنێکی باوەڕدار، بەڵکو هونەرمەندێکیش جێی خۆی تیا نابینێتەوە. فەیلەسوفێکیش هەر جێی خۆی تیا نابینێتەوە. ئەو بەهەشتە تەنیا جێیەکە بۆ چێژی جەستەیی غەریزیی ئەو پیاوەی کە دەیەوێت لەپێناوی جەنگدا گیانی خۆی بەختبکات»([17]). ئێمە لەم باسە کورتەدا سەرنج ناخەینە سەر جێندەر و بەگشتی باسی سوبێکتیڤیتەی باوەڕدار دەکەین لە پەیوەندییدا بە فەنتازیاکردنی بەهەشتەوە. گەرچی دەکرێت بەهەشت بۆ ژنێک و پیاوێک، یان کەمینەیەکی کۆمەڵایەتی بریتی بێت لە فەنتازیایەکی تایبەت، بەڵام هەموو ئەمانە لە کارەکتەری کەسی باوەڕداردا کورتدەکەینەوە و باسەکە وەک یەک پاکێجی تیۆری وەردەگرین. لێرەدا هیچ لە باسەکەی ئێمە ناگۆڕێت گەر بەهەشت لە دیدی هەر ڕەگەزێکەوە بێت و هاوکات بەرمەبنای هەر جۆرە وەسفێکیش بێت. واتە گرنگ نیە دەقاودەق و واقیعییە یان مەجازی و فەنتازییە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا بەهەشت وەک ئایدیا، ڕۆڵی فەنتازیەک بۆ سوبێکتی باوەڕداری نێو ئیسلام دەگێڕێت. بۆنمونە جار هەبووە و لەدنیای نوێدا کەسانی وەک محەمەد ئیقبال و تەنانەت ئەحمەدی موفتیزادەش، بەهەشتیان وەک دۆخ و حاڵەت وێناکردووە نەک شوێنێکی کۆنکرێتی. بەڵام دیسان ئەمە هیچ لەو



[16] Ibid

[17] بهشتِ مردان ...

ئایدیایە ناگۆڕێت کە بەهەشت بەشدارە لە سازدانی فەنتازیای کەسی مسوڵماندا- مسوڵمانیش شوناسێکە بۆ کۆی هەریەکە لە ڕاڤەکارە جیاجیاکان.

بەهەشت لە ئیسلامدا و بەپێی قورئان و فەرموودە، جێیەکە کەسی باوەڕداری تێدەچێت، ئەویش وەک پاداشتی کارە باشەکانی. بەهەشت شوێنمەندە و زۆرێک لە وێنەکانی بەرمەبنای ئەم دونیایەی ئێرە درووستکراوە. وەسفەکانی، وەسفی ناو شوێن و دونیایەکی دەرەکیین. کەسی باوەڕدار، لە دنیایەکەوە بەرەو دنیایەکی تر دەچێت. لە شوێنێکەوە بەرەو شوێنێکی دەرەوەی ئەم جیهانەی ئێستا دەچێت. واتە جێیەکی فەنتازییە لە خۆشی و پشوودا، لە باڵایی و ئاسایشدا. بەڵام لە دەروونشیکارییدا، فەنتازیا شوێنێک نیە لەوێ بێت، بەڵکو ڕێکخستنێکی نەستەکییانەی دەروونییە کە لە یەک کاتدا فەزای ناوەوە و دەرەوە لە پنتێکدا بۆ مرۆڤ ڕێکدەخات. گەر لە بەهەشتی ئیسلامدا، شوێن‌سەنتەری هەبێت، ئەوا لە دەروونشیکارییدا فەنتازیا ناوی جۆرێک لە ڕێکخستنی ئابوریی دەروونییە کە لکاوە بە کارەکتەر و سوبێکتیڤیتەمانەوە و هاوکات دونیای دەرەوەشی پێوە نوساوە. مەبەستی ئێمە ئەوە بوو کە بەهەشت وەرگێڕینە سەر فەنتازیای دەروونشیکاری و لێرەشەوە ناچارین باسی فەنتازیای بنەڕەتی(Fundamental Fantasy) بکەین. واتە هەموو وردەوێنە و وەسف و نیگارەکانی بەهەشت بگەڕێنینەوە سەر فەنتازیایەکی بنەڕەتی کە هی تاکی مسوڵمانە و بۆ بەرگەگرتنی بوون و ژیان داپڕشتووە. گەر بەهەشت لەلایەن دینی ئیسلامەوە وەک جێیەکی دەرەکی وەسفکرابێت، ئەوا بەپێی ڕاڤەی دەروونشیکارییانە، بەهەشت فەنتازیایەکی نەستەکییە تاکو مسوڵمان بەرگەی واقیع بگرێت و مانا بە ژیانی بدات و پرۆسەی ئارەزووکردنی بۆ پرەخسێنێت. بەم پێیە، کرۆکی بەهەشت ***ڕیاڵ***ە، واتە دەسپیاگەیشتنی ڕاستەوخۆی مەحاڵە، خۆی شوێنێکی هێمن و پۆزەتیڤ نیە تێی بچین- هەڵبەت لە دیدگایەکی ئەزموونگەرانەی زەمینییەوە. سادەتر بیڵێین، بەهەشت گەرچی وەک وێنەیەکی دەرەکی و ئۆبێکتیڤ پێشکەدەکرێت، بەڵام خۆی سیناریۆیەکە بۆ ئەوەی سوبێکتی باوەڕدار بتوانێت ئارەزووبکات و پەیوەندیی خۆی بە دونیاوە ڕابگرێت. لە پرسی فەنتازیادا وەسفە وردەکانی بەهەشت و ناوەڕۆکەکەی گرنگ نیە، بەڵکو بەهەشت خۆی فەنتازیایەکی بنەڕەتییە و پێکهێنەرێکی گەورەی نەستی دینییە. هەر کاریگەریی ئەم فەنتازیا بنەڕەتییەشە وادەکات باوەڕدار قبوڵیکات، نەک ئەوەی وردیکاتەوە و ناکۆکی و خاڵە لاوازەکانی بپشکنێت. کاتێکیش وتمان فەنتازیا سەری لەناو پانتایی ڕەمزی و کۆمەڵایەتییدایە، ئەوا مەبەستمان ئەوەیە کە فەنتازیا خۆی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا نیشتەجێدەبێت، لە نێوان من و ئەوانیتردا، بەڵام بەو شێوەیەش نیە کە شوێنێک بێت لەویادا. لێرەدا دیدێکی دەروونشیکاری بۆ ئەو نمونەیە دێنینەوە کە چۆن فەنتازیای باوەڕدارێکی پەڕگیر، لە هەناوی واقیعە کۆمەڵایەتییەکەدا هەڵکۆڵراوە([18]). وای دانێ باوەڕدارێکی پەڕگیر لەپێناوی بەدەستهێنانی بەهەشتدا خۆی دەتەقێنێتەوە، ئەم کەسە خۆی بۆ بەهەشت

[18]. ژیژەک, بیابانی ڕیاڵ

حازرکردووە و خەیاڵی لای حۆرییەکانیشە. بەپێی دەروونشیکاری، بەهەشت بۆ ئەم کەسە لەو نیگا کۆمەڵایەتییەدا نوستووە کە بۆ جڤاتەکەی و ئایدۆلۆژیاکەی هەیەتی. ئەو لە ساتی خۆتەقاندنەوەدا دەیەوێت بەوانیتر(ـی ناو کۆمەڵگا و ئایدۆلۆژیاکەی خۆی) بڵێت: من باوەڕم هەیە و ئەوەتا بۆتان دەسەلمێنم. لێرەدا بەشێوەیەکی پێچەڵپێچ و ئاڵۆز تێدەگەین کە فەنتازیای باوەڕدارەکە چەندە ئۆبێکتیڤ و دوور دەردەکەوێت و چاوەڕێیە پروات بۆ بەهەشت، کەچی فەنتازیاکەی لکاوە بەخۆیەوە و ئالێرەیە و لێرەشدا کۆتاییدێت. واتە ئەودیوێک بوونی نیە بۆی بچێت، ئەودیو لە دەروونشیکارییدا، دەکاتە ئەودیوی فەنتازیا کە تراوما و شۆک و هیچییە. فەنتازیا خۆی ڕۆڵی داپۆشینی ئەم هیچە دەگێڕێت. چێژی بەهەشت چێژێکی دەرەکی و دوور نیە، بەڵکو ئەو چێژ(ژویسانس)ـە کۆمەڵایەتییەیە کە بوون و یەکانگیریی مرۆڤی پێوە بەندە. چێژ هەر تامی خواردن و خواردنەوەی و سێکس نیە، بەڵکو بەردەوامبوونی پرۆسەی ئارەزووکردنە تاکو بەر ژان نەکەوین.

کاتێک فەنتازیا ڕەتکەرەوەی مەترسییەکانە و پەیوەندیی مرۆڤ و جیهان ڕێکدەخات. ئیدی بەهەشتیش وەک فەنتازیەکی مسوڵمانان، میکانیزمێکی بەرگرییە بۆ ڕەتکردنەوەی زبرییەکانی واقیعی ژیان و دواتریش مەرگ و عەدەم. ڕەنگە خۆی ئەوە میکانیزمە بەرگرییەکە بێت کە لەودیو مەرگەوە شتێک هەیە. ژیان بەردەوامە و دونیا لە نێو فەزای تراوما و ئازارەکاندا کۆتایینایەت. واتە ئەرکی فەنتازیا گەرچی ڕووەو جێیەکی دوورترە، بەڵام خۆی بۆ ئێرەیە، بۆ ئارەزووکردن و مانەوەی نێو ئەم جیهانەیە. واتە وەک فۆرم ڕۆڵی خۆی دەبینێت نەک ناوەڕۆکێکی سەلماو بەو جۆرەی هەیە. مەبەست لە ناوەڕۆک کارکرد و وردەکاریی دواتری بەهەشت یان فەنتازیایە، بەڵام بەهەشت و فەنتازیا بەدەر لەو ناوەڕۆک و کارکردە دووەمینە، کەچی فرمان و کارکردێکی بنەڕەتییتریان هەیە لە کۆدا، ئەویش هەم شێوەپێدان و ڕێکخستنی جیهانە بۆمان، هەمیش توانای ئارەزووکردنە. بۆ وێنە کاتێک قورئان دەڵێت: فَجَعَلْنَاهُنَّ أَبْكَارًا –الواقعة ٣٦. "واتە: کردوومانن بە حۆریانی هەمیشە کچ"، ئەوا مەسەلەکە بۆ ئەوەیە فەنتازیا بنەڕەتییەکە پارێزراو بێت نەک ئەوەی مەبەستی لە حۆرییەکی بەشەکی بێت. واتە لێرەدا وەسفی حۆری کاریگەری ناخاتە سەر ئەوەی کە کواڵێتیی حۆرییەکە چۆن بێت، بەڵکو کاریگەریی ئایەتەکە لەپێناوی ئەو فەنتازیا بنەڕەتییەدایە کە دڵنیاییەکی نەستەکی لە نەستی کەسی باوەڕدا جێبهێڵێت. لە ژیانی ڕۆژانەشدا مرۆڤەکان پتر هەوڵی هاوتایەکی دنیایی دەدەن تا ئەوەی لەئاستی وردەکاریدا بۆ حۆرییەک دانیشن و هەوڵبدەن. دواپلەی ئەم ئەرگۆمێنتە ئەوەیە کە وەسف و وردەکارییە وێنەییەکانی بەهەشت خۆی ئیمکانێکی سەر بە فەنتازیا بنەڕەتییەکەیە و هیچی تر. کەس مامەڵەی حەرفی و دەقاودەقیان پێوە ناکات لە نەستی خۆیدا. نمونەیەک ئەوەیە کە ڕەنگە لەبەر ئەوە سۆفییەکان خۆیان بە خۆشی و ناخۆشییەکانی بەهەشت و جەهەنمەوە نابەستنەوە چونکە دەیانەوێت بەیەکجاری فەنتازیا ببڕن و بگەنە ئەودیوی و سوبێکتیڤیتەی خۆیان وێرانبکەن و بتوێنەوە. چونکە لەودیوی فەنتازیاوە، هیچ شتێ

بوونی نیە. پەردەی فەنتازیا خۆی ڕاگرێک بوو تا بتوانین بەرگەی ئارەزووکردنی شتەکان بگرین. پارادۆکسێکی زۆرگرنگ لێرەدایە کە هەر بەپێی دەروونشیکاری، مرۆڤ خۆی بەرگەی ئەو هەمووە چێژە ڕاستەوخۆ و پرەی بەهەشت ناگرێت(گەرچی بەپێی لۆژیکی ئیسلام گۆران بەسەر قودرەتی مرۆڤەکاندا دێت)، بۆیە لێرەشەوە تووشی ئەو شتە دێت کە پێی دەوترێت ژویسانس. واتە سنورە تراوماییەکەی چێژ، ئەو پرەی چێژ کە مرۆڤ بەرگەی ناگرێت و تووشی ژان دێت. بۆیە بەهەشت، ئەو فەنتازیایەیە کە نابێت وەک شتێکی دەرەکی پێی بگەین، بەڵکو خۆی فەنتازیایەکی بنەڕەتییە. کاتێک بەهەشت هاوتادەکەینەوە بە چەمکی فەنتازیا، ئیتر وەرگرتنی قودرەتی بەهەشتییانەش شتێکی ئەوتۆ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت و تووشی سەفسەتە دێین. چونکە بەخشینی توانای مەحاڵی بەهەشتییانە بە سوبێکت، سوبێکت لەوە دەردەکات سوبێکت بێت و وەردەگەڕێت بۆ تراوما‌ی ڕەها و کۆتاییهاتنی خۆیشی.

## دەرەنجام

بەهەشت بەپێی لۆژیکی باو، شوێنێکی دەرەکییە و تا ئاستی فەنتازیا خۆش و دڵگیرە. ئێمە سەرەتا هەین و پاشان دەچینە ئەوێ. بەڵام بەپێی فەنتازیا لە دەروونشیکارییدا، بەهەشت ئیمکانێکی تەواو نزیک و تێکەڵە بە دەروونی مرۆڤ. خەیاڵکردنی بەهەشت خۆی، جۆرێکە لە ڕسکان و ڕەخسانی بەهەشت. بەهەشت شوێنێک نیە بچین ئارەزووی تیا بکەین، بەڵکو خۆی وەک ئیمکانێکی دەروونی لەم دنیایەدا، باوەڕدار فێری ئارەزووکردن دەکات. بەهەشت گەرچی زۆر وەسف و وردەکاریی وێنەیی تیا کراوە، بەڵام بەپێی دەروونشیکاری خۆی جۆرێکە لە "فەنتازیای بنەڕەتی" کە پەیوەستدەبێتەوە بە نەستەوە. بەهەشت، جۆرە فەنتازیایەکی نەستەکیی سوبێکتی دینییە.

## سەرچاوەکان

### کوردی و فارسی:


- خۆشییەکانی بەهەشت: https://fermude.com/Nusraw/745
- سیفاتی حۆرییەکانی بەهەشت، بەشی پرسیار: ماڵپەری وەڵامەکان
- بەخێربێن بۆ بیابانی ڕیاڵ، سلاڤۆی ژیژەک، و. وەلید عومەر، غەزەلنوس ٢٠١٥
- بهشت، ویکی‌پدیا، دانشنامهٔ آزاد، کهن‌ترین پیشینه در اساطیر

- بهشت در قرآن، ویکی فقه، دانشنامه حوزوی/wikifeqh.ir :
- بررسی تصویر بهشت و دوزخ در متون نثر صوفیه(تا قرن هفتم)، فرانک جهانگرد، احمد حاجبی سرگروئی: آرشیو اس ای دی
- بهشتِ مردان یا بهشتِ مؤمنان؟ فهیمه خضر حیدری، رادیو فردا


## ئینگلیزی:


- Heaven، https://en.wikipedia.org/wiki/Heaven
- Encyclopedia of Psychoanalysis: From No Subject، Fantasy
- The Interpassive Subject By Slavoj Zizek، Centre Georges Pompidou Traverses، 1998: https://www.lacan.com